کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 15:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ (شاعیرە لاسارەکە) .. ساتیرە شیعر ... ئەحمەد تازەدێیی

سوید



ئەوە شتێکی نوێ بوو
چەپێکی زۆر بێ گوێ بوو
لەخۆی هەڵگەڕێتەوە
ئەم فکرەیەی لەکوێ بوو؟!
*************

ویژدانت لەدەست چووە
کەی بێدار ئەبێتەوە؟
هەڵوێستت بۆگشتی بێ
ڕابە زوو لەئەو خەوە
************

دوێنێ (سەرۆ) ی هاوشانت
گەلی کوردی کرد بە سەگ
نوکی پێنوست بشکێ
بۆچی نەهاتیتە دەنگ؟!
************

ئەم ماستە بێ موو نییە
ڤایرۆسێکی تێدایە
وا خۆت بۆمان دەردەخەی
پاڵپشتی ڕەنجدەرانی و
دژی حوکمی سەرمایە
*************

گەر تۆ شاعیری حەقی
پەیامی ڕاستیت پێیە
بۆچ بۆ ئەملا ملکەچی!
بۆ ئەولا گرت پێیە!
***********

شاعیرە لاسارەکە
ناوی خودای لێبێنە
بەسە چەواشەی خەڵکی
خۆتیش مەخەڵەتێنە
************

جیاوازی مەکە لە نێو
دزومافیای دەسەڵات
هەردوو لا وەکو یەکن
دەیخۆن سەروەتیووڵات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

*************

ئەوە شتێکی نوێ بوو
کۆنە شوعی بێ گوێ بوو
لەخۆی هەڵگەڕێتەوە
ئەم فکرەیەی لەکوێ بوو؟!

بۆ بینینی هۆنراوەی شاعیرە لاسارەکە ئێرە داگرە
http://www. dengekan. com/doc/2007/3/hamaSaid31. pdf

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.